# دیدار





# ئەفسانەی ناتوندوتیژی

## گفتوگۆ لەگەل دۆمۆنیکۆ لۆسۆردۆ

سازدانی: ماری ئینگ پاتریزیۆ

وەرگێڕانی: ڕۆزا سەعید

سەرنج: ئەم گفتوگۆیە بەبۆنەی کتێبەکەی دۆمۆنیکۆ لۆسۆردۆوە ئەنجامدراوە، بەناوی (ئەفسانەی ناتوندوتیژی). لۆسۆردۆ (Domenico Losurdo-1941) مێژوونووس و فەیلەسوفێکی ئیتاڵییەو مامۆستای مێژووی فەلسەفەیە لە زانکۆی «ئێربن». خاوەنی زیاتر لە 60 کتێبە، هەندێکیان: (جەنگ و شۆڕش، تێڕامان لە سەدەی بیست)، (هیگڵ و ئازادیی مۆدێرنەکان)، (هایدیگەر و ئایدۆلۆژیای جەنگ)، (گرامشی، لە لیبڕالیزمەوە بۆ کۆمۆنیزمی ڕەخنەیی)، (خەباتی چینایەتی، مێژوویەکی سیاسی و فەلسەفی)، (لۆکاچ، دوای 100 ساڵ لە لەدایکبوونی)، (مارکس و ڕەخنەگرانی)، (ستالین، مێژوو و ڕەخنە لە ئەفسانەیەکی ڕەش)، (نیچە، ئەرستۆکراتییەکی یاخی). لەم کتێبەیدا، کە مشتومڕێکی بەرفراوانی وروژاند، باس لە چەمکی ناتوندوتیژی و بەکارهێنانی دەکات لە مێژووی هاوچەرخدا، دوور لە ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکەی، واتە دەتوانین بڵێین چەمکی ناتوندوتیژی لەپێناو توندوتیژیدا بەکارهاتووە، بێ ئەوەی توانیبێتی بەر بە توندوتیژیش بگرێت، هەروەها شیکارییەکانی لۆسۆردۆ ئەوەمان پێدەڵێت هەندێک جار چەمکی ناتوندوتیژی لەبری ئەوەی لەپێناو خەباتێکی ئاشتیانەدا بەکاربێت، بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی بەکارهاتووە. لەم کۆنتێکستەدا شیکاری بەشێک لەو کەسێتییانە دەکات، کە وەک ئایکۆنی ناتوندوتیژی ناسراون. گفتوگۆکە لەلایەن خانمە نوسەر و شاعیر (Marie-Ange Patrizio)وە ئەنجامدراوە.

*** چەمکی ناتوندوتیژی ڕاستەوخۆ دەمانباتەوە بۆ گاندی، بۆچوونت سەبارەت بەو کەسایەتییە مێژووییە گەورەیە چییە؟**

- من دوو قۆناغ لە ژیانی گاندیدا دەبینم، لە قۆناغی یەکەمدا گاندی باوەڕی بە ڕزگاریی گەلانی ژێردەستەی کۆڵۆنییەکان نەبوو، بگرە بە پێچەوانەوە داوای لە بەریتانیای مەزن دەکرد، گەلی هیند -کە لای وابوو هاوشێوەی گەلی بەریتانیا لەشارستانێتییەکی مەزنەوە داکەوتووەو لە گەلانی ئاری نەژادە- لەگەڵ ڕەشپێستە دواکەوتووەکاندا تێکەڵنەکات، کە ئەمانە لەسەر هێرشبردن و ڕاوکردن دەژین و تاکە خەم و کەڵکەڵەیان، بریتییە لە کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی ئاژەڵی ماڵیی بۆ بەخێوکردن، ژن، ژیانێکی سەرەڕۆ و تە مبە ڵا نە .

هەر لەم پێناوەشدا گاندی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا داوا لە هاوپەیمانە نیشتیمانییەکانی دەکات لە خزمەتی سوپای ئیمپرایالیستی بەریتانیادا بن لە هەڵمەتە توند و پڕ زەبروزەنگەکەیدا بۆ سەرکوتکردنی هۆزەکانی زۆلۆ لە باشووری ئەفریقیا. لە سەروبەندی جەنگی جیهانیی دووەمیشدا، گاندی ئامانجی چەکدارکردنی (500.000) هیندیی بوو، دیسان بۆ خزمەتی سوپای بەریتانیا. هەر لەو کاتەدا نامەیەک بۆ سکرتێری تایبەتیی جێگری مەلیک دەنووسێت و دەڵێت «من واهەستەکەم لێپرسراوی چەکدارکراوەکانم لای ئێوە، ئێوەش دەتوانن لەم ڕووەوە پشتم پێببەستن». هەر لەو پەیامەدا گاندی سوورە لەسەرئەوەی بۆ جێگری مەلیکی بسەلمێنێت کە ئامادەیە گەلی هیندی هانبدات بۆ قوربانیدان لەپێناو ئیمپراتۆریای بەریتانیادا: «لەم دۆخە ناهەموارەدا، پێویستە پاڵپشتیی تەواوی خۆمان بۆ ئیمپراتۆریای بەریتانی بخەینەگەڕ و درێغیی نەکەین. هیندستان ئامادەیە باشترین بو چاپوکترین ڕۆڵەکانی خۆی ئامادەبکات بۆ قوربانیدان، لەم دۆخە دژوارەدا پێویستە لەسەر هەموو هیندییەک ئامادەبێت لەپێناو بەریتانیادا بجەنگێت، لەپێناو ئەو بەرگرییەشدا پێویستە هەرچی کەسی لێهاتووە پێشکەشی بکەین». تەنانەت داوا لە کوڕ و نەوەکانی خۆشی دەکات چەکهەڵگرن و بەشداربن لەو جە نگە دا.

*** لەم بوارەدا ئایا دەتوانین بەراوردێک بکەین لەنێوان هەڵوێستی گاندی و هەڵوێستی ئەو بزووتنەوە دژە جەنگ و دژە میلیتاریانەی خاوەن پرەنسیپگەلێکی مارکسیستی و سۆسیالیستی بوون؟ دەتوانین بڵێین هەڵوێستی کامیان باشتر بوو؟**

- من دژ بەو تێزەم کە دەڵێت مارکسیزم هاوتا و هاومانای توندوتیژییە. دەمەوێت لێرەدا ئاماژە بە (کارل لیبکنیخت) بدەم، کە یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی پارتی کۆمۆنیستی ئەڵمانی، پێش تیرۆرکردنی لەگەڵ (ڕۆزا لۆکسمبۆرگ)دا. پاش خەباتێکی دوورودرێژی دژ بە دووبارە میلیتاریزەکردن و ئامادەکاریی بۆ جەنگ، کاتێک بانگدەکرێت بۆ بەرەکانی شەڕ، پێش ئەوەی دەستگیربکرێت بەهۆی ئەوەی داوای ئاشتی دەکات! کۆمەڵە نامەیەک بۆ ژن و منداڵەکانی دەنووسێت و تێیاندا دەڵێت»یەک فیشەکیش ناتەقێنم، تەنانەت گەر فەرمانیشم پێبکرێت و بەهۆی ئەم بێفەرمانییەشەوە بمکوژن».

*** بەڵام لیبکنیخت دەستخۆشی لەو توندوتیژییەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر کرد، کە لینین ڕایگەیاند؟**

- پێویستە بیرمان نەچێت کە لە سەرەتاکانی جەنگی جیهانی یەکەمدا، دوور لە پیاهەڵدانی شەڕو بەها سەربازییەکان، بۆ نموونە لەلایەن گاندییەوە، (لینین) ناڕەحەتی خۆی دەردەبڕی بۆ دۆخەکە، تاکە هیوای ئەخلاقیی دوور لە سیاسەتی باڵادەستی ئەوکات، ئەوەبوو شتێک بتوانێت ئەم ماشێنە دۆزەخییەی توندوتیژیی ڕابگرێت، بۆنموونە وەک «برایەتیی نێوان سەربازانی دەوڵەتە شەڕکەرەکان»، تەنانەت لینین دەنووسێت «چەند شتێکی جوانە سەربازەکان نەعلەت لە جەنگ بکەن، چەند باشە درووشمی ئاشتی بڵێنەوە، برایەتی ئەگەرێکی کراوەیە و پێویستە هەموو بەرەکان بگرێتەوە، ئەو ئاگربەستەی لەنێوان دوو بەرەدا باڵادەستە، دەکرێت درێژبکرێتەوە و ببێتە دیفاکتۆ بۆ گشت بەرەکانی دیکە». بەڵام بۆ بەدبەختیی ئەم هیوایە بەبادا چوو. دەوڵەتە شەڕکەرەکان وەک خیانەت تەماشای داواکاریی برایەتییان دەکرد. لەم خاڵەدا بژاردە لەنێوان میتۆدی توندوتیژی و ناتوندوتیژیدا نییە، بەڵکو لەنێوان توندوتیژیی بەردەوامی شۆڕشە لەلایەک، و لە لاکەی دیکەش توندوتیژی شۆڕشە، کە داوای ڕاگرتنی ئەم قەسابخانە بێمانایە دەکات.

ئەو هەڵوێستە ئەخلاقییەی ڕووبەڕووی لینین دەبێتەوە، زۆر جیاواز نییە لەو هەڵوێستە ئەخلاقییەی ڕووبەڕووی کریستیانە ئاشتیخوازەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووەوە، لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەدا (لە بەشێکی کتێبەکەمدا باسم لەمە

**(کارل لیبکنیخت) پێش تیرۆرکردنی لەگەڵ (ڕۆزا لۆکسمبۆرگ)دا. پاش خەباتێکی دوورودرێژی دژ بە دووبارە میلیتاریزەکردن و ئامادەکاریی بۆ جەنگ، کاتێك بانگدەکرێت بۆ بەرەکانی شەڕ کۆمەڵە نامەیەك بۆ ژن و منداڵەکانی دەنووسێت و تێیاندا دەڵێت»یەك فیشەکیش ناتەقێنم، تەنانەت گەر فەرمانیشم پێبکرێت و بەهۆی ئەم بێفەرمانییەشەوە بمکوژن**



کردووە)، کە بەرەنگاری گشت جۆرەکانی توندوتیژی و بەکۆیلەکردنی ڕەشپێستەکان دەبوونەوە، کە ئەم بەرەنگاربوونەوەیەش گوزارشتێکە لە جۆرێک لە توندوتیژی، لەکاتێکدا هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ ئەمانەی خستبووەوە دۆخێکی تراژیدییەوە. لەو کاتەدا بژاردەکە لەنێوان -پشتیوانی لەم توندوتیژییە پڕ سام و تۆقێنەرە، کە لەسەر کۆیلایەتی و بەندەفرۆشی دامەزراوە، یان چوونەپاڵ ئەم شۆڕشە نوێخوازییە، کە ئەنجامەکەی بریتیبوو لە شەڕی یەکێتیی ئەمریکادا بوو، کە ئەوکات کەسە تێگەیشتوو و پێگەیشتووەکان ئەڵتەرناتیڤی دووەمیان هەڵبژارد. لینین و لیبکنیخت و بەلشەفییەکانیش هەڵوێستێکی هاوشێوەی ئەمەیان هەڵبژارد.

*** ئەگەر گاندی و چەکدارکردن بۆ خزمەتی بەریتانیا [قۆناغی یەکەم لەو دوو قۆناغەی لۆسۆردۆ سەبارەت بە گاندی باسیکرد] تێپەڕێنین و بێینە سەر ئەو وەرچەرخانەی لە گاندیدا ڕوویدا و تۆ ئاماژەیەکت پێدا [قۆناغی دووەم]، ئەمە چۆن ڕوویدا؟**

- دوو ڕووداوی سەرەکی هەبوون، یەکێکیان ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی هەبوو، ئەوی دیکەیان ڕەهەندێکی لۆکاڵیی. شۆڕشی بەلشەفی و بڵاوبوونەوەی ئایدیا شۆڕشگێڕییەکانی لە کۆڵۆنییەکان و لە خودی هیندستاندا [ڕەهەندە نێودەوڵەتییەکە]، هاوکات لەگەڵ خواستی پێکەوەژیانی نەتەوەکان [ی هیندستان]دا، کە لێدانێکی کوشندە بوو بۆ ئایدۆلۆژیای هەرەمیی ڕاسیستی دامەزراو لەسەر سەردەستبوونی سپیپێست و ئاری نەژادەکان، کە پێویست بوو لەسەریان مامەڵە لەگەڵ بازنەیەکی فراوانتری گەلانی پێست جیاوازدا بکەن.

بەڵام ئەوەی بە شێوەیەکی تایبەتی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینێت، بریتییە لە ئەزموونی ڕاستەوخۆ و ئازاربەخشی گەلی هیند، کە هیوای ئەوەیان دەخواست شەڕکردنی پاڵەوانانەیان لە سوپای بەریتانیدا لە میانەی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، ببێتە مایەی باشکردنی بارودۆخی ژیانیان، بەڵام هەر هێندەی ئاهەنگەکانی سەرکەوتن کۆتاییان هات، تەنانەت کە بەریتانیا بەرپرس بوو لە قەسابخانەی «ئەمریستار» لە بەهاری 1919، کە هەر بەهۆی ئەم توندوتیژییانەوە سەدان هاووڵاتیی هیندیی بوونە قوربانی، ئیدی هەستکردن بە شکاندنی کەرامەتی نیشتیمانی و ئیتنی گەیشتە لوتکە، کاتێک دانیشتوانی یاخیی شارەکان ناچارکران لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ ماڵەکانیان لەسەر چوار پەل بڕۆن، یاخود ژنان و پیاوانی بێتاوان ناچارەکران وەک کرم لەسەر سک بڕۆن (بخشێن). لە ئەنجامی ئەو شەپۆلە سەرکوتکاری و چەوساندنەوە پڕ لە سوکایەتییە و ئەو ستەمکارییەی بەریتانییەکان پیادەیان دەکرد، کە بێ هیچ گومانێک تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بوو، تاوانێک کە ڕەنگە وێنەی نەبێت لە مێژوودا، هەموو ئەوانە وەهای لە هیندییەکان کرد دەستبەرداری ئەو شەوق و ئینتیمایە بن کە بۆ شارستانێتیی ڕەگەزێکی باڵادەست هەیانبوو، شارستانێتییەک کە هەرچی ڕق و قینەی هەبوو بەسەریدا ڕشتن.

*** لە کەیەوە گاندی ڕێبازی ناتوندوتیژیی خۆی گرتەبەر؟**

- لەڕاستیدا لەم قۆناغەدا گاندی داوای لە هاوونیشتیمانییەکانی نەکرد کە پشتی بەریتانیا نەگرن لە شەڕەکاندا، بەڵام ئەمەی بەستەوە بە داوای سەربەخۆیی بۆ هیندستان، بەڵام لە بەرامبەریشدا قورس بوو بۆ گاندی بەشداریی هاووڵاتیانی وڵاتەکەی بۆ سەرکوتکردنی یاخیبوونی هۆزەکانی زۆلۆ –(zulu) کە گەلێکە خۆی بگەدەست کۆڵۆنیالیزم و چەوساندنەوەوە دەناڵێنێت- پەسەندبکات. دوای شۆڕشی بەلشەفی و قەسابخانەکەی ئەمریستار، ئیدی بزووتنەوەی سەربەخۆخوازیی هیندستان بووە



Domenico Losurdo

بەشێکی دانەبڕاو لە بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوەیی گەلان. هەڵوێستەکانی گاندییش بێ جیاکاریی نێوان «توندوتیژی» و «ناتوندوتیژی» هاوتا بوون لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیەدا. لەمانگی جونی 1942دا گاندی هاوسۆزیی قووڵ و سەرسامیی خۆی بۆ خەباتی پاڵەوانانە و قوربانیدانی گەورەی گەلی چین دەربڕی، کە ئەم قوربانیدانە بەرەو بەرگری لە ئازادی و شکۆی ئینسان ئاڕاستەکرابوو، کە ئەمەشی لە نامەیەکیدا بۆ (چیانگ کای سیک)، هاوپەیمانی ئەوکاتی پارتی کۆمۆنیستی چین، دەربڕی. لە سێپتەمبەری 1946دا و دوای هەڵگیرساندنی جەنگی سارد لەلایەن چەرچڵەوە لە گوتارە بەناوبانگەکەیدا لە فۆڵتۆن، گاندی هاوسۆزیی گەورەی خۆی بۆ گەلی سۆڤیەت لەژێر سەرکردایەتی کەسێکی وەک ستالیندا دەربڕی.

*** لەو دەمەی هەڵسەنگاندنت بۆ قۆناغی دووەمی ژیانی گاندی، و دەربارەی (مارتن لۆسەر کینگ) پۆزەتیڤە، بەڵام دەبینم کە ڕەخنەیەکی توند لە (دەلای لاما) دەگریت، کە لەمڕۆدا بە میراتگری نەریتی ناتوندوتژی ناسراوە؟**

- لە کتێبەکەمدا ئیقتیباسم لە لێپرساوێکی پێشووی هەواڵگریی ئەمریکا کردووە، کە دەڵێت ناتوندوتیژی ئەو ڕووکارە بوو، کە دەلای لاما لە پەیوەندییە گشتییەکاندا بەکاریدەهێنا، بە مەبەستی کۆتاییهێنان بەو یاخیبوونە چەکدارییەی لە «تبت» بە هاوکاری و دەستگیرۆیی ئەمریکا هەڵگیرسابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی نەبوونی پشتیوانییەکی میللییەوە یاخیبوونەکە شکستیهێنا. ئەو لێپرساوە باس لەوەش دەکات، کە سەرەڕای ئەم شکستە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەندین پەند و وانەی لەم شکستەوە وەرگرت، کە دواتر لە «ڤێتنام و لاوس» پراکتیزەیکردن، کە دوو جەنگی کۆلۆنیالیستیی هەرە دڕندانە بوون لە سەدەی بیستەمدا.

لەو دەمەی دەلای لاما لەلایەن واشنتۆنەوە خەڵاتی ڕێزلێنانی پێدەبەخشرا، [هەر لە ئەمریکا] بەهۆی هەڵوێست و نارەزایەتییەکانییەوە دژ بە جەنگی ڤێتنام، (مارتن لۆسەر کینگ) دەکوژرێت. بە ڕووکەش ڕووەیەکی دژبەیەک لەنێوان گاندی و دەلای لامادا ڕوون و بەرچاو نییە، بەڵام ئەوەی هەیە گاندی بۆمبە ئەتۆمییەکەی هیرۆشیما و ناکازاکی پێ وێرانکرا، بە میتۆدی نازیزم و هیتلەر وەسفدەکات. هەروەها لە بابەتێکی ژمارەی ڕۆژی 15ی ئایاری 1998ی ڕۆژنامەی «کۆرێرۆ دیلا سێرا»ی ئیتاڵیدا، کە لە نزیک وێنەیەکی دەلای لامادا -کە دەستی بەرزکردۆتەوە بۆ نوێژکردن- ناونیشانێکی بچووک هەیە نووسراوە «دەلای لاما لایەنگریی

هیندستان دەکات»، بەو مانایەی هیندییەکان مافی خۆیانە ببنە خاوەنی بۆمبی ئەتۆمی بۆ راگرتنی بالانس لە رووبەڕووبوونەوەی جبەخانەی ئەتۆمیی چین، لەکاتێکدا دەنگی لێوەنایەت سەبارەت بەو هەڕەشە و مەترسییەی جبەخانەی ئەتۆمیی ئەمریکا دروستیکردووە بۆ رووبەڕووبوونەوەی جبەخانەی ئەتۆمیی چین، کە گەلێک لەوەی ئەمریکا لاوازترە.

ئیدی خۆمان دەتوانی لەمەوە ماناکان بخوێنینەوە...

*** شتێک هەیە تۆ بتەوێت باسی بکەیت ؟**

- کەسێتیی گاندی وەک دژبەرێکی بەهێزی کۆلۆنیالیزم لە 20ی نۆڤەمبەری 1938دا دەرکەوت، ئەویش کاتێک دەنگی نارەزایی خۆی دژ بە کریستاڵ ناخت [Kristallnacht، بەشێکە لە هێرشی نازییەکان بۆسەر ماڵە جولەکەکانی ئەڵمانیا، کە لە نۆڤەمبەری 1938دا جێبەجێکرا و بە شەوی کریستاڵ ناسرابوو] بەرزکردەوە، کە پێشتر مێژوو رووداوی لەو چەشنەی بەخۆوەنەدیبوو. هاوکات گاندی چیتر دوودڵ نەبوو لە سەرکۆنەکردنی داگیرکاریی فەڵەستین، کە پێیوابوو هەڵەیەکی نامرۆڤانەیە و لەگەڵ یاسا نووسراوەکانی رەفتاری مرۆییدا ناکۆکە. بەڵام دەلای لاما هەرگیزوهەرگیز تەنانەت هاوسۆزیی خۆشی بۆ قوربانییە بەردەوامەکانی دەستی زایۆنیزم دەرنەبڕی، لەکاتێکدا ئەمریکا -کە پارێزگاریی لە پیرۆزییەکەی دەکەن- و سەرکردە زایۆنیستەکان، هۆکاری سەرەکیی ئەم تراژیدیا بێکۆتایەی گەلی فەڵەستینن.

*** جگە لە دەلای لاما، تۆ پێتوایە شۆڕشە رەنگاڵەییەکان سەرەتاکەی لە نارەزایەتییەکانی «تایانامین»ی چینەوە دەستپێدەکات.**

- ئەو بەڵگەنامانەی بەدەستمان گەیشتووە و ئێمەی خۆرئاوایی لەبەردەستماندایە و بڵاومانکردۆتەوە، بەبێ هیچ گومانێک دەریدەخەن کە رووداوەکانی تیانانمین، کە بەهاری 1989 لە پەکین و شارەکانی دیکەی چین روویدا، هەموو شتێک بوون بەڵام ئاشتییانە نەبوون، خۆپیشاندەران گازی ژەهراوییان بەکارهێنا و چەندین تەکنیکی پێشکەوتوویان لەبەردەستدا بوو، تەنانەت توانییان چاپی رۆژنامەی «گەل»ی چینییش تەزویر بکەن. ئاشکرایە کە ئەم رووداوانە هەوڵێک بوون بۆ ئەنجامدانی کودەتا.

شۆڕشە رەنگاڵەییەکانی دیکە [لە خۆرهەڵاتی ئەوروپا و خۆرئاوای یەکێتیی سۆڤیەت] کە دواتر سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، هەموویان سوودیان لە شکستی تیانانمین وەرگرت و ئامرازی تەکنیکیی پێشکەوتووتریان هێنایە ئاراوە، ئەوەش بە پاڵپشتی و هێڵ و سنوورەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە کۆمەڵە رێنماییەکی وەرگێڕدراو بۆ چەندین زمان، بە مەبەستی شڵەژاندنی سەقامگیریی ئەو وڵاتانە، ئەمریکا پروپاگەندەیەکی زەبەلاحی وڵاتەکەی خۆی خستە خزمەتی ئەم رووداوانە، هەربۆیە دەتوانین رێنماییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە «رێچکەیەکی کودەتایی» وەسفبکەین، کە هاوکارە سەرەکییەکەی باڵیۆزخانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو لەو ناوچانە، لەگەڵ هەندێک لە دامەزراوە خۆرئاواییەکان، کە بە وردی ئەمانەم لە کتێبەکەمدا روونکردۆتەوە.

ئێستاش زیاد لە هەموو کاتێک -بۆ نموونە لە رووداوەکانی ساڵی 2009ی ئێران [بزووتنەوەی سەوز]- و بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە و دانپێدانانە خۆرئاواییەکان، پرسیار لە گرنگیی ستراتیژیی ئەو میکانیزمانە دەکرێت کە دەکرێت لە ئێستادا بۆ گۆڕینی سیستەمێک پشتیان پێببەسترێت، وەک ئینتەرنێت و فەیسبووک و تویتەر و مۆبایلە دەستییەکان و ...هتد.

*** هەر لە کتێبەکەتدا دیدگا فەلسەفی و تیۆلۆژییەکانی توندوتیژیت شیکردۆتەوە، کە لایەنگرییەکی باشیان هەیە لای کەسانی وەک (راینهۆڵد نیبۆر، دیتریچ بۆنهۆڤەر) لە تیۆلۆژیستەکان، و (هانا ئارێنت، سیمۆن فایل) لە فەیلەسوفەکان، چی شتێک بەرەو هاوسۆزیی لەگەڵ ئەو تیۆلۆژیستانە ئاراستەی کردیت؟**

- بەڵێ دان بە سیحری دیتریچ بۆنهۆڤەردا دەنێم [تیۆلۆژیستێکی لۆسەریی دژ بە نازیزم بوو]، کە ئەویش سەردەمانێک بە گاندی کاریگەر بووە، تۆمەتباریش بوو بە هەوڵی تیرۆرکردنی هیتلەر، کە دواتر دەستگیرکرا و لەسێدارەدرا. ئەوانەی دەیانەوێت ڕەنگرێژکردنی مێژوو بە کۆمەڵە بازنەیەکی یەک لەدوای یەکی خوێن رابگرن، ئەو مێژووەی لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917وە دەستپێدەکات و بە شۆڕشە گەورەکانی سەدەی بیست بەردەوامیی دەبێت، پێشنیار دەکەن بیر لە دیالەکتیکی (بۆنهۆڤەر) بکەنەوە. ئەو کەسەی دەیەوێت لە ریگەی چاکە و بیروب اوەڕەکانی خۆیەوە حکومداریی بکات، لەڕاستیدا مەگەر تەنها خۆی بخەڵەتێنێت – ئەگەر بتوانێت-، ئەو کات دەتوانێت جۆی بە پاکی و بێگەردی بهێڵێتەوە، و لەپێناو مامەڵەکردنێکی بەرپرسانەدا لەم جیهانەدا، خۆی لە هەڵە شەخسییەکان لابدات. ئەم هەڵوێستەی تیۆلۆژیای مەسیحییەت، یان جۆرێک لە «دەمارگیری»، باوەڕی بەوە هەیە کە دەتوانرێت لە ڕێگەی بێگەردیی خواست و پرەنسیپەکانییەوە، مرۆڤ بە پاک و بێگەردیی بمێنێتەوە، بەڵام لەڕاستیدا ڕاستگۆییەکەی و خودی خۆی دەخاتە سەروو باری سەرنجی بەرپرسیارێتییەوە.

*** بەهۆی دەلای لاما و شۆڕشە ڕەنگاڵەییەکانەوە، هانی ئەوە درا درووشمی ناتوندوتیژی بێتە ئایدۆلۆژیایەک بۆ شڵەژاندن و ناسەقامگیری و کودەتا، و دواجاریش جەنگ. بەڵام کتێبەکەت پەیامێکی پۆزەتیڤیشی تێدایە؟**

- دەرئەنجامی کتێبەکە بریتییە لە زەروورەتی هێزێکی نوێی پاڵنەر بۆ خەبات لەپێناو ئاشتیدا. ئەوەش بە نوێکردنەوەی نەریتەکانی ئەنتی میلیتاریزم. بەدرێژایی مێژوو، هیچ کاتێک وەک ئێستا زەروورەتی جەختکردنەوە لەسەر پرەنسیپەکانی ناتوندوتیژی نەهاتۆتە ئاراوە. گاندی خەرمانەیەک لە سەرسامیی جیهانیی بە دەوردا کێشراوە، کە هیچ مشتومرێک قبوڵ ناکات. ئەم جۆرە پاڵەوانانەی ئەمڕۆمان، خۆیان لەنێو بەرداشی پاڵنەرە ڕاستەقینەکان و حساباتە سیاسییە واقیعییەکاندا دەبیننەوە، بەجۆرێک لە ڕیزی ناتوندوتیژیدا سەنگەریان لێداوە، ئەمەش بەو مانایە نایەت کە توندوتیژی کەمی کردووە، لەبەرئەوەی توندوتیژی هەر بەتەنها بریتی نییە لە جەنگ و هەڕەشەی جەنگ بەڵکو توندوتیژی خۆی لە گەمارۆ و ئابڵوقەدانەکانیشدا دەبینێتەوە. هێشتا توندوتیژی بەردەوامە، بە فۆرمە هەرە بەربەرییەکانیشی. بەم دواییانە لە ڕۆژنامەیەکی ئیتاڵیدا شیکاریی مێژوونووسێکی ئیسرائیلیمان خوێندەوە کە بەوپەڕی متمانەوە باس لە «ئەگەری لێدانی ئەتۆمی ئێران لەلایەن ئیسرائیلەوە» دەکات. پارادۆکسەکە لێرەدایە کە خەبات لەپێناو ئاشتیدا بۆئەوەی چالاک بێت، دەبێت گۆڕان بەسەر خۆیدا بهێنێت، کەچی ئەمەش لەلایەن ئیمپریالیزمەوە پاڵپشتی دەکرێت! لەژێر ناوی ناتوندوتیژیای ناتوندوتیژیدا، بانگەشە بۆ ئایدۆلۆژیایەک دەکرێت کە پاساو دەهێنێتەوە بۆ دوژمنکاری و لۆژیکی هێز و دواجار جەنگ، لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

**سەرچاوە: کۆمەڵەی نێودەوڵەتی وەرگێڕ و زمانەوانە عەرەبەکان**
**http://www.wata.cc/forums/showthread.php?71606**